# تورکیا و  پکک، هاوکێشە ناکۆک و لەیەکچووەکان

هیوا عبدللە– بلجیکا
Hiwa.Abdullah@gmail.com



ماوەیەکە لەگەڵ دەستپێکردنی هەڕەشەکانی تورکیا دژ بە هەرێمی کوردستان لەژێرناوی لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان– پکک، قەیرانێکی گەورە لەنێوان هەریەکە لە تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تورکیاو عێراق و تورکیاو واشنگتۆندا هاتۆتە ئاراوە لەو بابەتەدا دەمەوێ وەڵامی چەند پرسیارێکێکی وەک ئایا جگە لە لەناوبردنی و زەبرلێدانی پکک و زیانگەیاندن بە قەوارەی کورد و ڕێگاگرتن لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لە ڕێگای ماددەی 140 هیچ مەبەستێک و ئامانجێکی دیکەی تورکیا هەیە ئەو مەبەستو ئامانجە شاراوانی چین و کام هێز لە ناو تورکیا پێشەنگایەتی ئەو هەڕەشانە دەکات سوپای تورکیا یان حکومەت کە دوو ئاراستەی دژ بە یەک و ناکۆکن؟ ناوکۆکیەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا تاچ ئاستێک دەور دەبینێ لەم هاوکێشەیەدا، ئایا ئەمریکا پشتگیری تەواوی داخوازیەکانی تورکیا دەکات یان نا؟ ئەگەر بەڵێ شیامانەی کام لەو داخوازی دەکرێ؟ ئایا پکک لە ئەگەری شەڕێکی دیکە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیادا بەشی قازانج یان زەرەری بەردەکەوێ؟

هەڵوێستەکانی سەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چ ئەنجامێک دەگات و چەندین ئەگەرو پێشهاتی تر بدەمەوە کەلەوانەیە لە داهاتویەکی نزیکدا ببنە ئەمری واقیع و بە چاوی خۆمان بیانبینین.

لەبەر ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی ئەو کێشەیە تورکیایە با پێش هەموو شتێک لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی توکیادا دەستپێبکەین. هەموومان ئەزانین بەر لە هەڵبژاردنی دووایی ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیا "پەرلەمان" سوپای تورکیا پشتگیریەکی تەواوی لە پارتو لایەنە  نەتەوەپەرستەکانی ئەو وولاتە وەک "پارتی کۆماری گەل" و "پارتی نەتەوەپەرستی تورک" دەکرد و لە ڕێگای ئەو دوو پارتە شەڕێکی سەختی لەگەڵ پارتی دەستەڵاتداری تورکیا واتە "پارتی دادو گەشەپێدان" ئەنجامدا، بەڵام لە کۆتاییدا پارتی داد سەرکەوتنێکی مێژویی تۆمار کرد و لە جاری پێشو زیاتر دەنگی بەدەست هێنا لەوەش گرنگتر ناوچە کوردیەکان پشتگیریەکی باشیان لە پارتی ناوبراو کرد، ئەو کاتەش سوپای تورکیا پێشبینی دەکرد کە پارتی داد زیاتر چاوی لە ناوچەکوردنشینەکانەو هەر بۆ ئەوەش داوایان لێ کرد کە مۆڵەت بە سوپا بدات تاکو بچێتە باشوری کوردستان و ئۆپەراسیۆنێک لە دەرەوەی سنور ئەنجام بدات، بێگومان ئەگەر پارتی داد بەسەرۆکایەتی ئەردۆغان ئەو کاتە ئەو پێشنیارەی سوپاو پارتە ڕکەبەرەکانی ئەرێ کردبا ئەوا، لەوانەبوو ناوچە کوردیەکان دەنگی ئەوتۆیان پێ نەدابا، بۆیە بە زیرەکانە خۆی لەوە دزیەوەو گوتی ئەگەر ڕاست دەکەن بوەستن تا دوای هەڵبژاردن. لێرەدا پارتی داد مەبەستی لە دواخستنی ئەو پێشنیارە لایەنێکی ئەخلاقی و دۆستایەتی نەبوو لەگەڵ گەلی کورد بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو ئەو دەنگی گەلی کوردی باکور لە هەڵبژاردن لەدەست نەدات. ئێستاکەش ئەمان داخوازی سوپا بەچەند مەبەستێکی تایبەت بەردەوامە پارتی دادی دەستەڵاتداریش هەندێکیان پێکدێنێت و لەسەر

هەندێکیشیان سازش دەکات. سوپای توکیا کە وەک پرەنسیپ و وەک لایەنگرانی کە پارتە سۆسیال ناسیۆنال و نەتەوەپەرستەکانن لە هەڵبژاردن دۆراندویانە، جگە لەوە لەگەل بەردەوامی گفتوگۆکانی نێوان یەکێتی ئەوروپاو تورکیا تادێت ڕۆڵی سوپا کەمتر دەبێتەوە و ڕوبەڕوی گوشارەکانی ئەوروپا دەبێتەوە، بۆ ئەوەی سوپا جارێکی دیکە بێتەوە سەرخۆی و ڕۆڵی پێشو بگرێتە ئەستۆ پیویستی بە سیناریۆیەکی شەڕ هەیە، لەڕێگای ئەم شەڕەدا دەتوانێ دامودەزگا دیموکراتی و کوردیەکان بەتایبەتی پارتە کوردیەکان و پەرلەمانتارە کوردەکان سەرکوت بکات، هەروەها دەتوانێ بەشێکی زۆرتر لە بودجە بۆ سوپا تەرخان بکات، لە هەمان کاتدا دەتوانێ زەبرێکی گەورەش لە لایەنگرانی پارتی دادو گەشەپێدان بدات کە بەشێکی زۆریان کوردن، ئەمەش دەبێتە یارمەتی دەرێک بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پارتە نەتەوەپەرستەکان بێنەوە سەر دەستەلاّت، پارتی دادو گەشەپێدانیش لە ڕێگای کارتی کوردی پەکەکە وە هەوڵ دەدا لەهەندێک خالّدا لەگەڵ سوپا سازش بکات و لە هەندێک خالّیشدا ئامانجە ستراتیژیەکانی پێکبێنێ کە لە ئیمراتۆریەتێکی نیو مۆدێرنی نیو ئیسلامی دەچێ.

لەبەشی داهاتوی ئەو باسەدا هەوڵ ئەدەم وەلاّمی پرسیارەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و کورد بدەمەوە.

هیوا عبدالله
2007-10-31